# خڕکە و پڕکە

**ئۆپۆزیسیۆنی یەکەم**: سبەینێ بەتەمای چیت؟
**ئۆپۆزیسیۆنی دووەم**: ئەچم یەکێتی ئەڕووخێنم
**ئۆپۆزیسیۆنی یەکەم**: ئەی دوای نیوەڕۆکەی؟!

★ ★ ★

شەو لە دەرگای ماڵێکیان دا، ژنەکە چووە دەرێ. دوو پۆلیس بوون وتیان براژن مەعلوماتمان بۆ هاتووە ئاودەستەکەتان نارنجۆکێکی تیا دانراوە. ژنەکە سوپاسی کردنو هاتە ژوورێ. مێردەکەی لێی پرسی ئەوە چی بوو؟ ژنەکە وتی هیچ نیە بچۆ میزەکەت بکەو بنوو.

★ ★ ★

**منداڵ**: ئەرێ بابە گیان لە بەهەشتیشا ژن هەر ئەچێتەوە لای مێردەکەی خۆی؟!
**باوک**: نە کوڕی خۆم. ئەگەر وابێت کەی بەهەشتە؟!

★ ★ ★

**یەکەم**: ئەرێ تۆ بە حەیاتت راستت وتوە؟
**دووەم**: ئەرێ وەڵڵا بەعزە جارێ قسەی راستیش ئەکەم
**یەکەم**: کەی؟
**دووەم**: ئەو وەختەی کە بزانم راستییەکە لە درۆ زیاتر زەرەری هەیە

★ ★ ★

لە دەرسی فەلسەفەدا مامۆستا پرسیارێك ئەهێنێتەوە ئەڵێ بۆم بسەلمێنە کە ئەم مێزە لە پۆلەکەدا نیە. ئەعلا دەرەجە تەلەبەیەك هێنای کە لەوەڵاما نووسیبووی کام مێزە؟!

★ ★ ★

**کابرا**: دکتۆر گیان بەقوربانت بم فریام کەوە وەزعم خراپە
**دکتۆر**: خێر مامۆستا! ئەمرکە.. چیتە؟
**کابرا**: هەموو شەوێ لە خەوما سی چل کەس لە جەماعەتەکەی ئەوبەرەوە دێن سەنگەر بگوێزنەوە کەچی من بەپاڵ ئەیانکەمە دەرەوە
**دکتۆر**: لا حول ولا قوة الا بالله.. باشە من چیت بۆ بکەم؟!
**کابرا**: دەستم بشکێنە دکتۆر گیان




## طه ن زیلات

| | ئامەبازاڕی |
|---|---|
| 5 دۆنم زەوی لە هەولێر | 4 ملیۆن دۆلار |
| شەماڵە گرتنەوەیەك لە بیارە | 3000 تمەن |
| تورەبونێکی مەسئول مەلبەندی راپەڕین | وردوخاشکردنی مۆبایلێك |
| شیشێك گون | 2500ی طه بع |
| عەقدێکی زەواجی تەزویر لە کەرکوك | 6 گەڵا |
| موخالەفەی سەیارەیەکی جام رەش | برۆ کاکە گیان شەرمان لێ لادە |
| سەنگەر گواستنەوەیەك بە دووگە نی | 1 دەفتەر دۆلار |
| پژمەیەك لە نوێژی جەماعەتا | السلام علیکم و رحمه الله |
| یەك مەتر قامچی ئێستر | 3500 ی دینار بریمەر |
| دانانەوەی مودیرێکی مەکتەب | دەعوەتێکی کفتە |
| هێنانە پێشەوەی رەسمی برادەرێك لە ئەخبارا | ئیفادێك بۆ ئێران |
| خورماخۆرەیەکی مێینە | 12000ی خۆمان |
| خەتمێکی دوو سەعاتی | 350 هەزارو هەقی تەکسییەکە |
| کونەبەبوویەکی تەحنیطکراو | کوڕە دە لایبە ئەوە کەی زەوقە؟ |
| قاپێك ترخێنەی تاسووق | 750 دینار لەم پارە تەزویرە |
| پلە بەرزکردنەوەیەکی حزبی | داینێ بۆ کاتی هەڵبژاردن |
| مەسیجێکی جەژنە پیرۆزە | هەشت محاوەلە |
| یەك دۆنم عەرز لە بن شاخی پیرەمەگرون | 43 گڵا |
| دەعوەتکردنی هونەرمەندێك بۆtv | 50وەرقە |
| هەڵوەشاندنەوەی ئەمرێکی نەقل | کاغەزی مەسئولێك |
| موزادەیەکی ئاشکرا | رێکەوتنێکی نهێنی |